بۆکان لە مێژوودا (231)                ئەنوەر سوڵتانی

**ڕۆژژمێری مێژووی ئێران (بەرگی 1)**

ئەوە ناوی کتێبێکی فارسییە لە دوو بەرگی قەبارە گەورەدا بە شێوەی کرۆنۆلۆجی ئاماژەی بە مێژووی ئێران لە سەردەمی مەشرووتە (1285 = 1906ز) موە هەتا شۆڕشی گەلانی ئێران و هەڵگەڕانەوەی تەختی پادشایی (1357 = 1979ز) کردووە و وێنەی گەلێک کەسایەتی گرنگی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابووری، و ئایینی ئێرانیشی تێدا چاپ کراوە

کتێبەکە بۆ پێداچوونەوەی ڕۆژانەی ڕووداوەکانی ئەو بڕگە زەمەنییە گەلێک بەکەڵکە، بەڵام نووسەر – کە خۆی لە سەردەمی حوکم حەمەڕەزاشادا وەک 'مدیرکل' و فەرمانبەری پلەبەرزی وەزارەتخانەیەک کاری بەدەست بووە، لە باسی خومەینی و مەلاکانی ئێراندا چەشنە لایەنگرییەکی نواندووە و بە شان وباڵیدا هەڵگوتوون - گەرچی زۆریش پڕکێشی نەکردووە.

کتێبەکە، زیاتر چاوی لە تاران و شارە گەورەکانی ئێرانە، بەڵام جاروبارەش لە ناوچە دوورەکان دواوە و بابەتی سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی تێدا دەبینرێتەوە.

لە هەموو ماوەی جێگەی باسی کتێبەکەدا بۆکان بەشێک بووە لە شاری مەهاباد و بەم بۆنەیەوە زۆرێک لە هەواڵەکانی مەهاباد کە لە کتێبەکەدا هاتبێتن، بۆکانیش دەگرنەوە. نەک هەر مەهاباد بەڵکوو هەواڵەکانی شاری ورمێ – وەک گۆڕانی ئوستاندار و فەرماندە سوپاییەکان، و تەنانەت تارانیش وەک پێتەختی وڵات، پەیوەند بە مێژووی بۆکانەوە پەیدا دەکەن و دەتوانم بڵێم زۆرێک لەو چەشنە فەرمان وگۆڕان و لاچوونی فەرمانبەرانە لە کتێبەکەدا ڕەنگیان داوەتەوە.

کەسانێکیش بیانەوێت وێنەی وەزیر و وەکیل و کاربەدەستی گەورەی ئەو ساڵانەی ئێرانیان دەست بکەوێت، وا هەیە لە کتێبەکەدا بیدۆزنەوە. لە بەشی کۆتاییەکەشیدا چەند بەڵگە و بابەتی ڕوونکەرەوەی تێدایە.

من لێرەدا ئاماژە بەو بابەتانە دەکەم کە لە پەیوەندی بۆکان و ناوچەکە، لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەدا هاتوون و بەرگی دووهەم دادەنێم بۆ بەشی دواتری ئەم زنجیرە ووتارە. ڕێکەوتەکان بە ساڵ و مانگی هەتاوی نووسراون واتە 621 ساڵ دوای زایێن:

| | |
|---|---|
| 1316/11/27 | 'مهدی فرخ' بوو بە ئوستانداری ئوستانی 4 (ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) |
| 1315/04/12 | لافاوی مەهاباد |
| 1315/08/15 | کرانەوەی کارخانەی قەندی میاندواو |
| 1316/11/19 | 'عبدالله مستوفی' بوو بە ئوستانداری ئوستانی 4 (ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) |
| 1318/05/07 | 'حسن سمیعی' بوو بە ئوستانداری ئوستانی 4 (ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) |
| 1319/07/20 | 'مظفر اعلم' بوو بە ئوستانداری ئوستانی 4 (ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) |
| 1320/06/03 | هاتنی هێزەکانی سۆڤیەت و ئینگلیس بۆ ناو ئێران |
| 1320 /06/04 | ڕاگەیاندنی هێرشی هەوایی بە میاندواو و مەهاباد |
| 1320/06/08 | بڵاوبوونەوەی ڕاگەیاندننامە لە فڕۆکەکانی سۆڤیەتەوە |
| | *[بە بڵاوبوونی دووپەڕ ئاگاهی     بوو بڵاو ئەرتەشی شاهەنشاهی! هەژار]* |
| 1320/06/25 | ئیستیعفای ڕەزاشای پەهلەوی |
| 1320/07/07 | دامەزرانی حزبی توودەی ئێران |
| 1320/07/13 | سەرلەشکر محەممەدی شابەختی بوو بە فەرماندەی سوپای غەرب |
| 1320/07/24 | 'سرتیپ محمد صادق کوپال' بوو بە ئوستانداری ئوستانی 4 (ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) |
| 1320/08/13 | 'سرتیپ عبدالرضا افخمی' بوو بە ئوستانداری ئوستانی 4 (ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) |
| 1320/11/18 | سرلشکر محمود امین بە دەست کورد لە سەقز کووژرا |
| 1321/03/14 | وەزیری جەنگی ئێران گەیشتە ورمێ |
| 1321/03/21 | هێزی سوپایی ئێران گەیشتە ورمێ |
| 1321/04/01 | سرتیپ ابوالحسن پورزند کرایە فەرماندەی لەشکری ئازەربایجان |
| 1323/07/10 | حەمەڕەشید خان شاری بانەی ئاگر تێبەردا |
| 1324/09/21 | وەڤدێک لەلایەن قازی محەممەدەوە چوو بۆ تەورێز بۆ ووتووێژ |

| | |
|---|---|
| 1324/09/26 | ئاڵای کوردستان لە مەهاباد هەڵکرا |
| 1325/04/05 | چوونی قازی محەممەد بۆ تاران بۆ ووتووێژ |
| 1325/10/25 | ئیعدامی 10 ئەفسەر[ی کورد] لە مەهاباد [وبۆکان و سەقز] |
| 1325 /11/17 | ئەوانەی سەرلەشکر ئەمینیان کوشتبوو وبانەیان ئاگرتێبەردابوو ئیعدام کران |
| 1326/04/10 | سرگرد مستشاری کرایە فەرماندەی گوردانی میاندواو |
| 1326/05/29 | شا، لێبووردنی گشتیی بۆ ئازەربایجان و کوردستان دەرکرد |
| 1326/11/14 | ئێران نارەزایی دەربڕی بۆچی سۆڤیەت بارزانی ڕێگای ئەوێ داوە |
| 1326/11/21 | سرتیپ درخشانی فەرماندەی پێشووی لەشکری تەورێز 25 ساڵ زیندانی بۆدەرچوو |

باقر عاقلی، *"روزشمار تاریخ ایران از مشروطه تا انقلاب اسلامی"* ، جلد اول، چاپ اول، نشر گفتار، تهران 1369 [1990]، 482 صفحه، فارسی